سیدنی . جی . هەریس

براوە و دۆڕاو

وەرگێڕانی: فەرهاد لوتفی

ئینگلیزی ـــ کوردی



162 posts | **11.8k** followers | **5** following

Promote **Edit profile**

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسوودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👆 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8o3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsI...

Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq

Ktebi_PDF



سیدنی. جی. هەریس

براوە و دۆڕاو

ئیگلیزی -- کوردی

وێنەکێش: نیکۆل هۆلندر

وەرگێڕانی: فەرهاد لوتفی

چاپی یەکەم
٢٠١٦

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە: (٥٩٧)

[redacted] [redacted]

براوە و دۆڕاو

نوسینی: سیدنی، جی، هەریس

وێنەکێش: نیکۆل هۆلندر

وەرگێڕانی: فەرهاد لوتفی

پێداچوونەوە: حسێن شێربەگی

پیتچن: محەمەدئەمین شاسەنەم

شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

نۆبەتی چاپ: یەکەم، ٢٠١٦

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: (١٣٨٧)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

ناونیشان

سلێمانی ـــ سابوونکەران ـــ نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە رووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

سەبارەت بە نووسەری کتێب

سیدنی. جی. هەریس لە بەر نووسینی بەردەوامی کۆمەڵە وتارێک بە نێوی «بە تەواوی تاکەکەسی» کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها لە وڵاتی کانەدا بە شێوەی هاوکات لە ١٨٠ ڕۆژنامەدا چاپ دەبێ، بۆتە خاوەنی ناوبانگێکی زۆر و لایەنگری بێئەژمار.

ئەو هەروەها ڕەخنەگری هونەری ڕۆژنامەی «شیکاگۆ دێیلی نیوز»ە و لە زانکۆی شیکاگۆش وانەی هونەرە ئازادەکان دەڵێتەوە.

هەریس لەوە پێش ئەندامی دامەزراوەی تـوێژینەوە زانستییە مرۆڤییەکانی «ئاسپێن» بووە.

پێشەکی محەمەد سەیدا

ڕێوشـــوێن و چـــۆنیەتی ســـەرکەوتن و بـــراوە بـــوون یەکـــێکە لە گرینـــگ‌ترین پرســـەکانی مـــرۆڤ لە ژیانیـــدا و ئەم پرســـە گـــرینگە بـــۆتە هۆکـــاری هانـــدانی بەشـــەر بـــۆ دۆزیـــنەوەی ڕێوشـــوێنی ســـەرکەوتن و چۆنیەتی بەختەوەر بوون.

گرینگی و هەستیاری ئەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی کە فەیلەسووف و زانایـــان لە ڕابـــردووی کـــۆنەوە تـــا ئێســـتا لە حەولـــی ڕوون کـــردنەوەی چۆنیەتی ســـەرکەوتن و بەخـــتەوەر بـــوون و تێکۆشـــاون بنەمـــا و یاســـا و ڕێسایەکی عەقڵی و مەنتقی بۆ ئەم پرسە مێژووییە جیهـــانییە بـــدۆزنەوە. دەسکەوتی ئەم تێکۆشانەی مرۆڤ، دروست بوون و پەیدا بـــوونی ڕێـــگـــا و شـــوێن و یاســـا و ڕێســـایەک کە لە تەواوی دنیـــا بە تـــایبەت وڵاتە پێشکەوتووەکان پەرەی ستاندوە.

ئەم کتێبە، «براوە و دۆڕاو» کە لە لایەن نووســـەری لاوی خۆشـــفکر و بەزەوق فەرهـــادی لـــوتفی وەرگێـــڕدراوەتەوە، بە بـــڕوای مـــن دەتـــوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ کەسانێک کە دەیانهەوێ ڕەوت و چۆنیەتی سەرکەوتن لە ژیاندا فێر بن و بە ئامانجەکانیان بگەن.

ئەم هەنگاوەی ناوبراو بێ‌گومان دەتـــوانێ بێـــتە هـــۆی گەشـــە کردنـــی ئاســـتی فەرهەنـــگ و بیـــری کۆمەڵگـــای کوردســـتانەکەمان، چـــونکە لەم

سەردەمەدا کەس نییە کە دان بەوەدا نەهێنێ کە پێشکەوتنی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ لە گرەوەی گرینگی پێدان بە زانستە جۆراوجۆرەکاندایە و ئەم زانستەی کە لەم کتێبەدا و لەم پێشەکییەدا لەسەری دواین، بێشک دەتوانرێ ناوی عیلمی ژیان یان عیلمی ئەلفوبێی ژیانی لێبنرێ.

لە کۆتاییدا پێمخۆشە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکەم کە گرینگی و بایەخی ئەم هەنگاوەی فەرهاد لوتفی کە بە داخێکی یەکجار زۆرەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نموونەی یەکجار کەمە، دەتوانێ داهاتوویەکی گەش و سەرکەوتوو بۆ خوێنەر و تاکی کورد بخولقێنێ و هیوادارم کە هەموو لایەک وەک ئەرکی سەرشان بتوانین پشتگیری و دڵگەرمی پێویست بۆ ئەم خۆشەویستە پێک بێنین.

دوکتور محەممەد سەیدا

مەردی حافزەی ئێران

نووسەری پلە یەکی ساڵی ٢٠٠١ی جیهان بە وتاری هۆشی باڵا

سەرۆکی «ئەنجومەنی هۆش IQ»ی ئێران

ئەندامی ئەنجومەنی ڕاهێنانی هۆش IQ ئەمریکا

ئەندامی ژووری فکری سوئیس

پێشەكی فەرهاد لوتفی:

لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاویدا بۆ یەكەمجار لەگەڵ كتێبی Winners & Losers یا هەمان براوەكان و دۆڕاوەكان كە من بە «براوە و دۆڕاو» ناوم لێناوە، ئاشنا بووم. ئەم كتێبە بە زۆربەی زمانەكان وەرگێڕدراوەتەوە و توانیویەتی سەرنجی خوێنەران لە زۆربەی وڵاتانی دونیا وەكوو ئەمریكا، بریتانیا و كانادا بۆ لای خۆی ڕابكێشێ و لە وڵاتی ئێرانیش بە هەمان شێوە پێشوازییەكی بەرچاوی لێكراوە و بۆ چەندین ساڵ لە ژماری كتێبە پڕ تیراژەكاندا بووە.

هەڵبەت بە خوێندنەوەی ئەم كتێبە ڕاستی و دروستی ئەم تاریف و بەسەرداهەڵكوتنە بە جوانی بۆ خوێنەرانی هێژا دەردەكەوێ، و تەنانەت بۆخۆشم هەر بەم هۆكارە و بە خوێندنەوەی هاتمە سەر ئەم بڕیارە كە دەبێ ئەم كتێبە بە زمانی شیرینی كوردی وەرگێڕم و لە ئاكامدا لە زستانی ١٣٩٣ دەستم كرد بە وەرگێڕانی، هەتاكوو خوێنەری كورد زمانیش لە بوونی ئەم كتێبە و كتێبە هاوشێوەكان لە بوواری چۆنیەتی سەركەوتن و ڕێگا و شوێنی بەختەوەری و براوە بوون لە ژیاندا بێبەش نەبێت. هیوادارم ئەم تێكۆشانەم بكەوێتە جێی سەرنجی خوێنەران و

هەروەها بە پێشوازی و دڵگەرمی ئێوەی خوێنەر بتوانم بە نووسین و وەرگێڕانی کتێبی بە نرختر و باشتر خزمەتی زمان و نەتەوەی کورد زمانم بکەم.

فەرهادی لوتفی - زستانی ١٣٩٤



یەکەمین سێرەگرتن

براوه[١]
بەرعۆدە دەبێ و پەیمان دەبەستێ؛
(لەخۆڕا بەڵێن نادا و بێتوو بەڵێنێکیش بدا، بێ گومان جێبەجێی دەکا.)
دۆڕاو[٢]
بەڵێن دەدا. (بەڵام بەڵێن پووچەڵە و پەیمانشکێن و هەرکات بەڵێنێک بدا، زوو لە بیری دەچێتەوە و بەڵێنەکەی بەجێ ناهێنێ.)

A winner
makes commitments ;
a loser
makes promises.

---

[١] براوه: سەرکەوتوو، بەختەوەر، کەسێ کە هەمیشە لە ژیاندا ڕازی و سەرکەوتووە.
[٢] دۆڕاو: شکست خواردوو، تێکشکاو، بەزاو، چارەڕەش.

کاتێک براوه تووشی هەڵە دەبێ،
دەڵێ: «من هەڵەم کرد»؛
بەڵام هەرکات مرۆڤی دۆڕاو هەڵە دەکا،
دەڵێ: «خۆ تاوانی من نەبوو.»

When **A winner**
makes a mistake,
he says,
"I was wrong";
when **a loser**
makes a mistake,
he says,
"It wasn't my fault."



براوه

هەمیشه چاکتر و زۆرتر له دۆڕاو کار دەکا و

له کۆتاییدا کاتی زۆریشی بۆ دەمێنێتەوه بۆ ڕابواردن؛

دۆڕاو

بەردەوام زۆر سەرقاڵه و بەم هۆکارەوه

ناتوانێ به کاره گرینگەکانی ڕابگا.

A winner

works harder than a loser,

and has more time;

a loser

is always "too busy"

to do what is necessary.


1
2
3
4
5
6
7
8
9
10
11
12

ترسی مرۆڤی براوه لە تێکشکان و دۆڕان،
زۆر کەمترە لەو ترسەی کە مرۆڤی **دۆڕاو** لە سەرکەوتن هەیەتی.
(مرۆڤی سەرکەوتوو لە دۆڕان و تێکشکان ناترسێ و لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتوویی و بەختەوەری پێ ئامانجێکی ئاسایی‌یە، بەڵام مرۆڤی دۆڕاو بە پێچەوانەوە زۆر لە تێکشکان و بە ئاکام نەگەیشتن دەترسێ و هەروەها سەرکەوتوو بوونیشی پێ ئەستەم و خەیاڵی خاوە.)

A winner
isn't nearly as afraid
of losing
as **a loser**
is secretly
afraid of winning.

براوه

بە وردی و بە جوانی، کێشەکە تاوتوێ دەکا؛

دۆڕاو

سەبارەت بە کێشەکەی کەمتەرخەم و بەبێ مشوورە و

بەبێ ئەوەی چارەسەری بکات، وازی لێ دێنێ.

A winner

goes through a problem;

a loser

goes around it,

and never gets past it.



براوه دەڵێ:

«وەرن بۆ ئەم گرفتە، چارەسەرێک بدۆزینەوە؛»

دۆڕاو دەڵێ:

«هیچ کەسێ دەرەتان و ڕێگەچارە نازانێ و بۆی پەیدا نابێ.»

A winner says,
"Let's find out";
a Loser says,
"Nobody knows."



براوه

دەزانێ بۆ چ مەبەستێک خەبات بکا و

سەبارەت بە کامەش ڕێک بکەوێ؛

دۆڕاو

لە بارودۆخێکدا کە نابێ ڕێکبکەوێ، ڕێکدەکەوێ و

بۆ شتی بێبایەخ، تێدەکۆشێ.

A winner

knows what to fight for,

and what to compromise on;

a loser

compromises

on what he shouldn't,

and fights for

what isn't worthwhile

fighting about.



براوه

به قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکانی خۆی، داخ و
پەژیوانی خۆی دەردەبڕێ؛

دۆڕاو

دەڵێ: «بۆ ئەم هەڵەیەی کردوومە زۆر بەداخم»،
بەڵام لە داهاتوودا هەڵەکەی دووپات دەکاتەوە.

A winner
shows he's sorry
by making up for it;
a loser
say's "I'm sorry,"
but does the same thing
the next time.

براوه
وای پێ باشتره ئافەرینی پێ بڵێن و دڵگەرمی بکەن،
نەوەک تەنیا هەر «خۆشەویست بێ» و بەس،
هەڵبەت هەرکام لەم دوو حاڵەتەش لە بەرچاو دەگرێ؛
دۆڕاو
خۆشەویستبوونی پێ چاکترە لەوەی ئافەرینی پێ بڵێن و
تاریفی چاکەی بکەن،
تەنانەت بێتوو ئەو خۆشەویستییە
ببێتە هۆکاری سەرشۆڕی و ئابڕووچوونیشی.

A winner
would rather be admired
than liked,
although he would prefer both;
a loser
would rather be liked
than admired,
and is even willing to pay
the price of mild contempt
for it.

براوه

گوێ ڕاده‌گرێ،

دۆڕاو

ته‌نیا چاوه‌ڕێی ئه‌وه‌یه زوو ده‌رفه‌ت په‌یدا بکا و

ده‌ست بکا به قسه کردن.

A winner listens ;
a loser just waits
until it's his turn
to talk.



براوه

له بەر خوووخدەی مامناوەند و نەرمونیانی خۆی،

هەست دەکا بەهێزە؛

دۆڕاو

هەرگیز له هیچ کارێکدا مامناوەند و میانەڕۆ نییە،

جاری وایه پێگه و هەڵوێستی لاوازه و جاری واشه

وەکوو زۆردارێکی چەوسێنەر، هەڵسوکەوت دەکات.

A winner

feels strong enough

to be gentle ;

a loser

is never gentle -

he is either weak

or pettily tyrannous

by turns.



براوە دەڵێ:

«بڕوام هەیە دەبێ ڕێوشوێنی باشتر هەبێ؛»

(لە ئاکامدا باشترین ڕێوشوێن پەیدا دەکا.)

دۆڕاو دەڵێ:

«هەتا ئێستا هەروا بووە، لەمەو دواش هەروا دەبێ.»

A winner says,
"There ought to be
a better way to do it";
a loser says,
"That's the way
it's always been done here."





براوه

بۆ کەسانی باشتر و سەرتر لە خۆی، ڕێز دادەنێ و

هەوڵ دەدا زۆر شت لەوان فێر بێ؛

دۆڕاو

ڕقی لە کەسێکە لەو سەرکەوتووتر و چاکتر بێ و

تێدەکۆشێ خاڵی لاواز و عەیبەکانی بدۆزێتەوە و

بیداتەوە بە چاویدا.

A winner
respects those
who are superior to him,
and tries to learn
something from them;
a loser
resents those
who are superior to him,
and tries to find
chinks in their armor.

براوه

له ژیاندا لەسەرەخۆ و مامناوەند هەنگاو دەنێ؛

دۆڕاو

ژیانی به دوو شێوه تێپەڕ دەکا؛ یان زۆر به پەلەپڕووزێ و توندڕەوە،
یان زۆر خاو و خلیسک و بەئیشتیایە.

A winner

paces himself;

a loser

has only two speeds:

hysterical and lethargic.



بەرنامەی کتێبخانە

بەخۆڕایی

کتێبخانە



دووهەمین سێرەگرتن

براوه

دەزانێ کاتی وا هەیە سەرکەوتن بە

نرخێکی قورس و گران وەدەست دەکەوێ؛

دۆڕاو

زۆر تامەزرۆ و ئاواتەخوازی سەرکەوتنە،

بەڵام نە توانای سەرکەوتنی هەیە و نە توانای

ڕاگرتنی دەستکەوتەکانی.

A winner
knows when the price
of winning
comes too high;
a loser
is overly eager
to win
what he cannot handle
or keep.



براوه

لێکدانەوەیەکی ڕاستەقینەی لە تواناکانی خۆی هەیە و

بە وردی و وریایانە لە خاڵە لاوازەکانی خۆی بەئاگایە.

دۆڕاو

هەم لە خاڵە لاوازەکانی و هەم لە خاڵە بەهێزەکانی خۆی بێئاگایە.

A winner

has a healthy appreciation

of his abilities,

and a keen awareness

of his limitations;

a loser

is oblivious

both of his true abilities

and his true limitations.

براوه
گرفت و کێشەی سەرەکیی خۆی هەڵدەبژێرێت و
بۆ ئەوەی ئاسانتر و زووتر چارەسەری بکا،
کێشەکە بە چەند بەشی چکۆلەتر دابەش دەکا؛
(هەنگاو بە هەنگاو هەر جارێک بەشێ لە کێشەکە چارەسەر دەکا.)
دۆڕاو
هەموو کێشەکانی تێکڕا وا تێکەڵ و پێکەڵ دەکا،
کە ئیدی نە بۆخۆی دەتوانێ چارەسەری بکا و نە کەسێکی تر.

A winner
takes a big problem
and separates it into smaller parts
so that it can
be more easily manipulated;
a loser
takes a lot of little problems
and rolls them together
until they are unsolvable.



براوه

دەزانێ بێتوو دەرفەتی پێویست بە خەڵک بدات،

دڵنەرم و دلۆڤان دەبن؛

دۆڕاو

وای دادەنێ هەرچەشنە دەرفەتێک بە خەڵک بدات، زوڵمی لێ دەکەن و

لەگەڵی نامێهرەبان دەبن.

A winner

knows that people

will be kind

if you give them the chance;

a loser

feels that people

will be unkind

if you give them the chance.



براوه

هەموو کات خاوەنی سەرنج و هزرە، بیرمەند و هۆشیارە؛

دۆڕاو

بەبێ سەرنج و بێ هزرە، بیرتەسک و کەمهۆشە.

A winner focuses;

a loser sprays.

براوه

بێتوو تووشی هەڵە بێت، ئەزموون و ئامۆژگاری لێ وەردەگرێ؛

دۆڕاو

لە ترسی ئەوەی تووشی هەڵە و تێکشکان نەبێت،

فێر بووە هیچ کارێک نەکا و دەست لە ڕەش و سپی نەدا.

A winner
learns from his mistakes;
a loser
learns only
not to make mistakes
by not trying anything
different.



براوه

هەوڵ دەدا هەرگیز خەڵک ئازار نەدا و قەت کەس نەڕەنجێنێ،
مەگەر لەو کاتە کەمویَنانەی کە ئەم ڕەنجاندنە بۆ ئامانجێکی گەورە بێ؛

دۆڕاو

قەت پێی خۆش نییە بە ئانقەست خەڵک ئازار بدا،
بەڵام لە خۆڕا هەمیشە ئەم کارە دەکا (بەبێ ئەوەی بزانێ).

A winner

tries never to hurt people,
and does so only rarely,
when it serves a higher purpose ;

a loser

never wants to hurt people
intentionally,
but does so all the time,
without even knowing it.



براوه

کۆکردنەوەی ماڵ و سامانی دنیای پێ ئامرازێکه بۆ چێژ وەرگرتن له ژیان، به واتایەکی تر مرۆڤی براوه ژیانی تەرخان ناکا بۆ کۆکردنەوەی ماڵی دنیا، بەڵکوو سامان و ماڵی دنیا تەرخان دەکا بۆ ژیانێکی باشتر.

دۆڕاو

کۆکردنەوەی ماڵی دنیا دەکاته ئامانجی سەرەکیی ژیانی خۆی و هەر بەم هۆکارەشەوە (بێجگه لەوەی تا چ ڕاده ماڵی دنیای هەیه) هیچ کات هەست به بەختەوەری و سەرکەوتوویی ناکا و چون بڕوای به خۆی و به سەرکەوتنی خۆی نییه، هەرگیز سەرکەوتوو نابێ.

A winner
uses amassing only
as a means to enjoying;
a loser
makes amassing an end in itself -
therefore, no matter
how much the loser amasses,
he never looks upon himself
as a winner,
and he never is.



براوه

سەبارەت بە بارودۆخی دەوروبەری خۆی هەستیار و هۆشیارە؛

دۆڕاو

تەنیا لە هەست و سۆزی خۆی ئاگادارە و لە بارودۆخی دەوروبەری خۆی بێئاگایە.

A winner
is sensitive
to the atmosphere around him;
a loser
is sensitive
only to his own feelings.



سێهەمین سێرەگرتن

دۆڕاو

دوو فاکتۆری نابەرامبەری و سیاسەت بە هۆکاری دۆڕان و تێکشکانەکانی دەزانێ؛

براوه

پێی باشترە بۆخۆی بەرپرسیاریەتی دۆڕان و تێکشکانەکانی لە ئەستۆ بگرێ، نەوەک کەسانی دەوروبەری؛ هەڵبەت کاتێکی زۆریش تەرخان ناکا بۆ عەیب گرتن و دۆزینەوەی کەموکووڕیی کەسانی تر.

A loser
blames "politics"
or "favoritism"
for his failure;
a winner
would rather blame himself
than others-
but he doesn't waste much time
on any kind of blame.



دۆڕاو

بڕوای بە قەزا و قەدەر و چارەنووسی خودایی هەیە؛

براوە

بڕوای وایە مرۆڤ بە کردەوەی دروست یان هەڵەی خۆی،

چارەنووسێکی چاک یان خراپ بۆخۆی دەخولقێنی.

A loser

believes in "fate";

a winner

believes that we make our fate

by what we do,

or fail to do.

دۆڕاو

بێتوو زۆرتر لەو ڕادەی کە چاکەی لەگەڵ کراوە، چاکە لەگەڵ کەسێ بکا، بە تەواوی هەست بە دۆڕان و تێکشکان دەکا.

براوە

هەرچەندە چاکە و قازانجی بۆ خەڵک زۆرتر بێ، هەست دەکا پێگە و وەج و بایەخی خۆی بۆ داهاتوو بەهێز دەکا و بەمە خۆی دەبووژێنێتەوە.

A loser
feels cheated
if he gives more than he gets;
a winner
feels that he is simply building up
crėdit for the future.



دۆڕاو

بێتوو لە چاو خەڵک بڕێک لە دوا بێ، ڕەوش‌توند و توورە دەبێ و

هاتوو بڕێک وەپێش کەوێ، خۆی ناپارێزێ و خۆی دەخاتە مەترسییەوە؛

براوە

لە هەر بارودۆخێکدا بێ، هێمنایەتی و هاوسەنگی خۆی دەپارێزێ.

A loser

becomes bitter

when he's behind,

and careless

when he's ahead;

a winner

keeps his equilibrium

no matter which position

he happens to find himself in.



دۆڕاو

زۆر دەترسیّ لەوەی خۆی یـان خەڵکـانی دەوروبەری، بە کەموکوورِییەکـانی بزانن؛

براوه

دەزانیّ کە عەیب و کەموکوورِییەکان بەشێکن لە کەسایەتیی هەر مرۆڤێک و لە کاتێکدا هەوڵ دەدا تاکوو شوێنەواری ئەم کەموکوورِییانە بسرِێتەوە، ببرِای ببـرِ حاشا لە کاریگەری و رەنگدانەوەیان ناکا.

A loser
is afraid to acknowledge his defects
to himself or to others ;
a winner
is aware, that his defects are part
of the same central system
as his assets,
and while he tries to diminish
their effect,
he never denies
their influence.



دۆڕاو

کاتێک ئاکاری ناڕەوا و لاساری لە کەسانی دەوروبەری دەبینێ، ناڕەزایی خۆی دەرنابڕێ و خەم و خەفەتی بۆ دەخوا و بە تۆڵە سەندن لە خۆی، بارودۆخێکی خراپتر بۆخۆی دەخولقێنێ.

براوە

لە بارودۆخێکی ئاوادا، بە سەربەخۆیی، دڵێشاوی و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ و دەروونی خۆی لەو هەستەی ئازاری دەدا، بەتاڵ دەکا؛ پاشان کێشەکە لە بیر خۆی دەباتەوە.

A loser
smolders with unexpressed resentment
at bad treatment,
and revenges himself by doing worse ;
a winner
freely expresses resentment at bad treatment,
discharges his feelings,
and then forgets it.


POW
ROAR

دۆڕاو

شانازی به سەربەخۆیی خۆی دەکا، له کاتێکدا که بەڕاستی خەریکی سەرەڕۆیی و لاسارییه و شانازیش به کاری هەرەوەز و کۆمەڵی خۆی دەکا، له کاتێکدا ئەمجارەش وەشوێن کەسانی تر کەوتووە و هیچ شتێک به ویست و ئیرادەی خۆی نییه؛

براوه

دەزانێ کام بڕیار به شێوەی سەربەخۆ بدات و کام بڕیاریش دوای ڕاوێژ و پرس‌وڕا کردن دەربڕێ.

A loser

prides himself on his "independence"
when he is merely being contrary,
and prides himself on his "teamwork"
when he is merely being conformist;

a winner

knows which decisions
are worth an indpendent stand,
and which
should be gone along with.



دۆڕاو

سەبارەت بە کەسانی سەرکەوتوو و براوە، بەرچاوتەنگ و بەخیلە و کەسانی دۆڕاو و تێکشکاوی پێ بێبایەخ و سووکە؛

براوە

خەڵک لە سەر بنەمای چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنیان لە تواناکانیان هەڵدەسەنگێنێ و دادوەری دەکا، نەک لە سەر بنەمای پێوەرەکانی سەرکەوتووییماڵی، و بۆ «منداڵێکی بۆیاخچی» کە ئیش و کارەکەی بە جوانی و وەستایانە بەڕێوە دەبا، ڕێزێکی زیاتر دادەنێ تاکوو کەسێکی هەلپەرستی حیزفرسەتی تەواو عەیار.

A loser
is envious of winners
and contemptuous of other losers;
a winner
judges others only by how well they live up to
their own capacities, not by some
external scale of worldly success,
and can have more respect
for a capable shoeshine boy
than for a crass opportunist.



دۆڕاو

جاری وایه بیر لەوه دەکاتەوه که بۆ تێکشکان یان سەرکەوتنیش یاسا و ڕێسایەک هەیە؛

براوه

دەزانێ که دەتوانێ چاوپۆشی بکا له هەر یاسا و ڕێوشوێنێک له هەر کتێبێکدا، تەنیا ڕێوشوێنێک نەبێ: «هەر ئەوه به که هەی، (وەشوێنکەوتوویەکی دەمارگرژ مەبه و لاسایی کەس مەکەوه)، هەوڵ بده ببی بەو کەسەی که دەتهەوێ.» تەنیا خاڵی سەرکەوتن له ژیاندا هەر ئەمەیه و بەس.

A loser
thinks there are rules
for winning and losing ;
a winner
knows that every rule in the book
can be broken, except one -
be who you are,
and become all you were meant to be,
which is the only winning game
in the world.

me

دۆڕاو
پشت دەبەستێ بەو کەسانەی لە خۆی بەهێزترن و
گرێی دڵ و داخی دڵی بەو کەسانە دەڕێژێ کە لە خۆی بێدەسەڵاتترن؛
براوە
لە سەر پێی خۆی ڕادەوەستێ و بێتوو کەسانێک پشتی پێ ببەستن،
هەست بەوە ناکا کە خۆیان بە سەردا داسەپاندووە.

A loser
leans on those stronger than himself,
and takes out his frustrations
on those weaker than himself;
a winner
leans on himself,
and does not feel imposed upon
when he is leaned on.





چوارەمین سێرەگرتن

براوە

لە ناخی کەسایەتیی مرۆڤێکی خراپدا،

بە دوای چاکییەکانیدا دەگەڕێ و سەرنجی ئاکارە باشەکانی دەدا؛

دۆڕاو

لە ناخی مرۆڤێکی چاکدا،

بە دوای خراپەکانیدا دەگەڕێ و هەر بەو بۆنەوە بە زەحمەت دەتوانێ لەگەڵ

خەڵکانی دەوروبەری هاوکاری بکا.

A winner

seeks for the goodness

in a bad man,

and works with that part of him;

a loser

looks only for the badness in a good man,

and therefore finds it hard

to work with anyone.

براوە

لە حاڵێکدا کە دەمارگرژییەکانی و لاسارییەکانی خۆی وە ئەستۆ دەگرێ،
هەوڵ دەدا لە کاتی دادوەریدا بە سەر ئەم دەمارگرژییانەدا زاڵ بێ؛

دۆڕاو

بوونی هەر چەشنە دەمارگرژییەک لە خۆیدا ڕەت دەکاتەوە،
هەر بەو بۆنەوە تا کۆتایی تەمەن
دەبێتە گیرۆدە و دیلی دەمارگرژییەکانی خۆی.

A winner
admits his prejudices,
and tries to correct for them
in making judgments;
a loser
denies his prejudices,
and thus becomes
their lifelong captive.

براوه

ترسێكی نییه له بارودۆخی دژ به یه‌ک و ناجۆردا بێ،

چونکه بارودۆخی دژ به یه‌ک و ئاڵۆز، بیر و مێشکی تێک نادا؛

دۆڕاو

له جیاتی ئه‌نجامی کاری شیاو و گونجاو،

وای پێ باشتره له‌گه‌ڵ بارودۆخه دژ به یه‌ک و ناجۆره‌که‌دا

هاوئاهه‌نگ بێ و بسازێ.

A winner

is not afraid to contradict himself

when faced

with a contradictory situation;

a loser

is more concerned

with being consistent

than with being right.



براوه

له یاریی چارەنووس و ئەم ڕاستییە تێگەیشتووە کە:
هەموو کات بۆ لێهاتوویی و کاری شیاو،
دەستخۆشی و پێزانین لە ئارادا نییە؛
بەبێ ئەوەی تێڕوانینێکی ڕەشبینانەی هەبێ؛

دۆڕاو

بەبێ ئەوەی لە یارییەکانی چارەنووس و ژیان تێبگات، ڕەشبینە.

A winner
appreciates the irony of fate,
and the fact
that merit is not always rewarded,
without becoming cynical ;
a loser
is cynical without appreciating
the irony of fate.

براوه

دەزانێ چۆن پێداگر و سوور بێ،

بەبێ ئەوەی ڕەوشێکی ویشک و فەرمی هەبێ؛

دۆڕاو

زۆر جـار ئاکـار و کەسـایەتییەکی ویشـک و فەرمـی هەیە، چـونکە توانـای سووربوون و پێداگریی نییە.

A winner

knows how to be serious

without being solemn ;

a loser

is often solemn

as a substitute

for his lack of capacity

to be serious.

براوه

ئەوی پێویست و گرینگ بێ، لە سەرەخۆ و ژیرانە دەیکا و
هێز و توانای خۆی بۆ ئەو کارانە ڕادەگرێ،
کە لە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆیان، مافی هەڵبژاردنی هەبێ؛

دۆڕاو

ئەوەی گرینگ و پێویست بێ، بە شێوەیەکی ناقایل دەیکا و
هیچ هێز و توانایەک ناهێڵێتەوە
بۆ بڕیارە گرینگ و ئەخلاقییەکان (بەڵێنە ئاکارییەکان).

A winner
does what is necessary
with good grace,
saving his energy
for situations where he has a choice ;
a loser
does what is necessary under protest,
and has no energy left
for moral decisions.

براوه

بایەخە ئاکارییە پەسندکراوەکان و بایەخە پاکڕەوشتەکان

بە تەنیا سەرچاوەی هێزی ڕاستەقینە و دەسەڵاتی بێبڕانەوە دەزانێ؛ (بڕوای هەیە بە پشت بەستن بە بایەخە ئاکارییە پەسندکراوەکان، بە بەختەوەری و سەرکەوتنی ڕاستەقینە دەگا.)

دۆڕاو

چون لە ناخەوە ڕێزێکی کەم بۆ بایەخەکان دادەنێ،

زۆرتر لە ڕادەی توانای خۆی بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی

هێز و دەسەڵات تێدەکۆشێ. (بە واتایەکی تر مرۆڤی دۆڕاو بۆ گەیشتن بە هێز و دەسەڵات ئامادەیە هەر چەشنە کارێکی چاک یان خراپ ئەنجام بدا و تەنانەت ئامادەیە بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆی، هەموو بایەخەکانیش پێشێل بکا.)

A winner
recognizes that the only true authority
is moral authority;
a loser
having little inner respect,
tries to assume more external authority
than his character can handle.



براوه

کردەوەکانی خۆی لە سەر بنەمای ئاکامەکانیان هەڵدەسەنگێنێ و

کردەوەی کەسانی تر لە سەر بنەمای خواست و پێویستیان هەڵدەسەنگێنێ؛

دۆڕاو

کردەوەکـانی خـۆی لە سـەر بنەمـای ویسـت و هەوجێـی هەڵدەسـەنگێنێ و

کـردەوەی کەسـانی دیـکە لە سـەر بنەمـای ئاکامەکانیـان هەڵدەسـەنگێنێ و

دادوەری دەکا.

A winner

tries to judge his own acts

by their consequences,

and other people's acts

by their intentions;

a loser

gives himself all the best of it

by judging his own acts by his intentions,

and the acts of others by their consequences.



براوە

جاری وایە لۆمەی خەڵکیش دەکا،

بەڵام لێیان خۆش دەبێ و لەخۆبوردوویی هەیە؛

دۆڕاو

هێندە خوێڕی و حیزە، دەسەڵاتی لۆمە و گلەیی نییە و

هێندەش بێکەڵک و سووک و چرووکە،

دەسەڵاتی لێخۆشبوون و لەخۆبوردوویشی نییە.

A winner

rebukes and forgives;

a loser

is too timid to rebuke

and too petty to forgive.





پێنجەمین سێرە گرتن

براوه

دوای ئەوەی مەبەستی سەرەکی خۆی دەربڕی و

پوختەی مەبەستی خۆی گوت، ئیدی بێدەنگ دەبێ؛

دۆڕاو

هێندە درێژە بە قسەکانی دەدا،

مەبەستی سەرەکیی خۆی لە بیر دەچێتەوە و

ئەوەی ئامانجی بوو، نایگەیەنێ.

A winner

stops talking

when he has made his point;

a loser

goes on

until he has blunted his point.



براوه

ئه‌وه‌نده‌ی ڕێگای هه‌بێ و بتوانێ،

پشک و مافی تایبه‌ت به‌ به‌رامبه‌ره‌که‌ی ده‌دا،

به‌ڵام هه‌رگیز به‌ هیچ به‌هایه‌ک

بنه‌ما بنه‌ڕه‌تی و بایه‌خه‌کانی ناکاته‌ قوربانی؛

دۆڕاو

له‌ ترسی ئه‌وه‌ی نه‌وه‌ک پشکێک یان مافێکی تایبه‌ت به‌ به‌رامبه‌ره‌که‌ی بدا،

درێژه‌ به‌ سه‌ره‌ڕۆیی و تاک‌ڕۆیی خۆی ده‌دا و هه‌ر

له‌و هه‌ل‌ومه‌رجه‌دا، جار له‌گه‌ڵ جار بنه‌ما بنه‌ڕه‌تییه‌کانیشی به‌ره‌و نه‌مان ده‌ڕۆن.

A winner

makes every concession he can,

short of sacrificing his basic principles;

a loser

is so afraid of making concessions

that he hangs on to pride

while his principles

go down the drain.



براوه
کەموکووڕی و خاڵە لاوازەکانی خۆی
لە خزمەتی تواناکانیدا دادەنێ؛
دۆڕاو
تواناکانی خۆی بە فیڕۆ دەدا،
چونکە ئەوان لە خزمەت کەموکووڕییەکانیدا دادەنێ.

A winner
employs his defects
in the service of his assets;
a loser
subverts his assets
in the service of his defects.

براوه

له بەرامبەر کەسانی بەکەڵک و بێکەڵکدا،

به یەک شێواز هەڵسوکەوت دەکا؛

دۆڕاو

له بەرامبەر خەڵکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو،

کلکەسووتێ و ماستاوچێتی دەکا و

خەڵکی بێدەسەڵات و هەژاریش

بێبایەخ و سووک دەکا و دەیانچەوسێنێتەوە.

A winner

acts the same

toward those who can be helpful,

and those who can be of no help;

a loser

fawns on the powerful

and snubs the weak.



براوه

دەیهەوێ و پێی خۆشە خەڵک ڕێزی لێ بگرێ،

بەڵام مێشکی خۆی زۆر بەم شتانەوە خەریک ناکا؛

دۆڕاو

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، (یانی بۆ گەیشتن بە ڕێز و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک) هەر شتێک بە مێشکی بگا و

هەر کارێک لە دەستی بێ، دەیکا،

بەڵام لە ئاکامدا تێکدەشکێ و دەیدۆڕێنێ و بە ئامانجەکەی ناگا.

A winner

wants the respect of others,

but does nothing with that end in mind;

a loser

does everything

with that end in mind,

and therefore defeats his purpose.

براوه

تەنانەت کاتێک خەڵک ئەو بە کەسایەتییەکی بلیمەت و لێهاتوو دەزانن،
پێی‌وایە ئێستاش زۆر شت هەیە کە نایزانێ؛

دۆڕاو

دەیهەوێ کۆمەڵگا بە شارەزا و لێهاتووی بزانن،
بەڵام ئێستاش فێری ئەم ڕاستییە نەبووە کە «زۆر کەم دەزانێ.»

A winner
knows how much he still has to learn,
even when he is considered an expert
by others ;
a loser
wants to be considered an expert
by others
before he has even learned enough
to know how little he knows.



براوه

ڕووخۆش و دهم به پێکهنینه،

چون بهبێ ئهوهی خۆی بێڕێز و سووک بکا،

دهتوانێ به ههڵهکانی خۆی پێبکهنێ؛

دۆڕاو

تهنانهت چونکه له دڵ و دهروونی خۆیدا،

خۆی به سووک و کهم دهزانێ،

له بهردهم خهڵکیشدا توانای نییه به ههڵهکانی پێبکهنێ.

A winner's

saving grace

is the ability to laugh at himself

without demeaning himself;

a loser

privately deprecates himself

and therefore cannot publicly afford

to laugh at himself.

براوه

سەبارەت بە کەموکووڕی و هەڵەی خەڵکانی دەوروبەری

هاوسۆز و هاوخەمە،

چونکە دەزانێ بۆخۆشی[١] کەمایەسی و عەیبی هەیە؛

دۆڕاو

خەڵکی دەوروبەری خۆی بە هۆکاری کەموکووڕییەکانیان

بە سووک و بێنرخ دادەنێ،

چونکە هەبوونی هەر چەشنە کەموکووڕییەک لە کەسایەتی خۆیدا

ڕەت دەکاتەوە و پێ لە عەیبی خۆی نانێ.

A winner

is sympathetic to weakness in others,

because he understands

and accepts his own weakness;

a loser

is contemptuous

toward weakness in others.

because he despises

and rejects his own weaknesses.

---

[١] بۆخۆی، خۆی.

براوه

ئەوەی لە دەستی بێ و بتوانێ،
درێخی ناکا و ئەگەر ئاخرییەکەشی هەر سەرنەکەوێ،
بە هیوای مۆجیزات و پەرجۆ دەبێ و لە هەر حاڵدا دڵسارد و بەبێ هیوا نابێ؛
دۆڕاو
تەنانەت بەبێ ئەوەی تۆزێکیش هەوڵ بدا و تێبکۆشێ،
دادەنیشێ و چاوەڕێی مۆجیزات و پەرجۆ دەبێ.

A winner
hopes for a miracle
after everything else has failed;
a loser
hopes for a miracle
before anything has been tried.

براوه
تا کاتی ئاویلکەدان،
زۆرتر لەو ڕادەی کە وەردەگرێ[1]، دەهندەیە[2] و دەبەخشێ؛
دۆڕاو
هەتا کاتی گیانەڵلا، لەم گومان و خەیاڵە دەست هەڵناگرێ کە:
«سەرکەوتن» یانی زیاتر لەوەی کە ببەخشی،
دەبێ بستێنی و وەربگری.

A winner
in the end,
gives more than he takes;
a loser
dies clinging to the illusion
that "winning" means taking
more than you give.

---

[1] وەردەگرێ: چاکەی لەگەڵ دەکرێ.
[2] دەهندە: دڵاوا.



براوه
كاتێک بزانێ ئەو ڕێ‌وشوێنەی لە پێشی گرتووە،
لەگەڵ ڕێبازی ژیانی ناگونجێ،
ترسێکی لەوە نییە ڕێ‌وشوێنەکەی بگۆڕێ؛
دۆڕاو
کوێرەڕێیەکی لە پێش گرتووە و بەردەوام درێژەی پێ دەدا و
بۆی گرینگ نییە لە ئاکامدا ئەو ڕێگایە بە کوێ دەگا.

A winner
isn't afraid to leave the road
when he doesn't agree
with the direction it's taking;
a loser
follows "the middle of the road"
no matter where the road is going.

هەر مرۆڤێک پێی خۆشە «براوە» بێ، نەوەک دۆڕاو، بەڵام هەر تەنیا بە ویستن و پێخۆش‌بوون سەرکەوتن وەدەست نایەت. ژیان هەموو کات تەنیا هەر سەختی و ناخۆشی نییە و دەکرێ ژیان وەکوو «یاری»یەک دابنەین کە بۆ سەرکەوتن لەودا یاسا و ڕێسایەک و ڕێگا و شوێنێک هەیە.

سیدنی. جی. هەریس نووسەرێکی ناسراو و بەناوبانگە و زۆر ڕاست‌بین و ڕاستیوازە، کە ڕاز و نهێنی «براوە» بوون لە ژیاندا بە باشی و بە جوانی دەناسێ و دەزانێ، و ڕێگا و شوێنێکی سادە و ساکار بۆ چۆنیەتی سەرکەوتن و پێشکەوتن لە ژیاندا پێشنیار دەدا. ئەگەر بەڕاستی دەتانهەوێ لە ژیاندا «براوە» و سەرکەوتوو بن، ئەم کتێبە دەتوانێ ڕێگاتان پێ نیشان بدا و یاریدەرتان بێ.